## جۆری خەرجییەکان

خەرجییەکان لەسەر دوو ئاستدا ئەژمار کراون، یەکەمیان لەسەر ئاستی تاك و دووەمیان لەسەر ئاستی خێزان. هەروەها لە هەر یەك لەم ئاستانەشدا دیسان رەچاوی دوو ئاستی تر کراوە، یەکەمیان نرخەکانی بازار و دووەمیان نرخی پێدراو واتە ئەو نرخەی کە تاکەکەس یان خێزان بە فیعلی بە جۆری خزمەتگوزارییەکە داویەتی.

## خەرجییەکان بە پێی نرخی بازاڕ

لە رووی بەرز بوونی ئاستی خەرجییەکانی تاك بە پێی نرخەکانی بازاڕەوە، پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت (318.7 هەزار دینار/مانگ) و دوای ئەو هەولێر بە پلەی دووەم (271.2 هەزار دینار/مانگ) و ئینجا دهۆك بە پلەی سێیەم (193.1 هەزار دینار/مانگ) دێن. کۆی گشتیی خەرجیی تاك لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 269.9 هەزار دینار/مانگ و لە شوێنەکانی تری عێراق بریتییە لە 164.1 هەزار دینار/مانگ.

بەڵام سەبارەت بە خەرجییەکانی خێزان بە پێی نرخی بازاڕ، بەرزترین ئاست دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای سلێمانی (1564 هەزاردینار/مانگ) و ئینجا پارێزگای هەولێر (1448 هەزاردینار/مانگ) و دواتریش پارێزگای دهۆك (1299 هەزاردینار/مانگ). کۆی ئەم جۆرە خەرجییە لە هەرێمی کوردستان 1467 هەزاردینار/مانگە لە کاتێکدا کە لە شوێنەکانی تری عێراق 1076 هەزاردینار/مانگە.

وردەکاریی زیاتر لەم بابەتەدا و پۆلین کردنی خەرجییەکان بە پێی ئەو بوارانەی کە دیاری کراون و رێژەی هەریەکێکیان و دواتر بەراوردیان لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق، لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە.

دابەشبوونی خەرجییەکان لەسەر کۆمەڵە سەرەکییەکاندا بە نرخی بازار و بە پێی پارێزگاکان (هەزار دینار / مانگ)

| پارێزگا / شوێن | خواردەمەنی و خواردنەوەی ناکحول | خواردنەوەی کحول و تووتن | جل و بەرگ و پێڵاو | نیشتەجێ بوون، ئاو، غاز، کارەبا و سووتەمەنییەکانی تر | کەرەستە و کەل و پەلی ناو ماڵ و سەخبێری کردنی بەردەوامی کەرەستەی ناو ماڵ | تەندروستی | هاتووچۆ | پەیوەندییەکان | جەژن و ماتەمینی و رۆشنبیری | پەروەردە | چێشتخانە و هۆتێل | کەرەستە و خزمەتگوزاری جۆراوجۆری تر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 30.1 | .4 | 8.2 | 27.3 | 6.2 | 5.3 | 12.2 | 2.7 | 2.7 | .5 | 1.2 | 3.3 | 100 |
| سلێمانی | 32.5 | .3 | 7.7 | 22.0 | 7.8 | 4.2 | 15.4 | 3.0 | 2.1 | .6 | .9 | 3.5 | 100 |
| دهۆك | 27.7 | .6 | 10.6 | 28.3 | 8.5 | 3.9 | 8.3 | 3.6 | 2.6 | 1.4 | .5 | 3.9 | 100 |
| کۆی هەرێمی کوردستان | 30.8 | .4 | 8.4 | 25.0 | 7.4 | 4.5 | 12.9 | 3.0 | 2.4 | .7 | .9 | 3.5 | 100 |
| کۆی شوێنەکانی تری عێراق | 35.6 | .6 | 7.2 | 30.3 | 5.3 | 3.8 | 7.5 | 2.9 | 1.6 | .6 | 1.0 | 3.5 | 100 |

ئەگەر بە خێرایی چاوێك بە ژمارەکانی سەرەوەدا بێنین دەبینین کە بەرزترین ئاستی خەرجییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دووبەشی زۆرگرنگ کە ئەوانیش بەشی نیشتەجێ بوون و ئاو کارەبا و سووتەمەنییەکان و هەروەها بەشی خواردەمەنی و خواردنەوەی ناکحولییە و ئەم دووبەشە پێکەوە زیاتر لە نیوەی خەرجییەکان پێکدەهێنن.

## خەرجییەکان بە پێی نرخی پێدراو

لەبارەی خەرجییەکانی تاك بە پێی نرخەکانی پێدراوەوە، 312 هەزاردینار/مانگ بۆ پارێزگای سلێمانی، 266 هەزاردینار/مانگ بۆ پارێزگای هەولێر و 187 هەزاردینار/مانگ بۆ پارێزگای دهۆك ریزبەندی خەرجییەکانە و کۆی گشتیی هەرێمیش بریتییە لە 264 هەزاردینار/مانگ و لە سەر ئاستی شوێنەکانی تری عێراقیش بریتییە لە 157 هەزاردینار/مانگ.

هەروەها هەمان ریزبەندی سەرەوە لە خەرجییەکای خێزان بە پێی نرخەکانی پێدراوەوە پەیرەو دەکرێت و بڕەکانیشی بریتین لە 1529 هەزاردینار/مانگ بۆ سلێمانی، 1422 هەزاردینار/مانگ بۆ هەولێر و 1256 هەزاردینار/مانگ بۆ دهۆك و کۆی گشتیی هەرێمیش 1434 هەزاردینار/مانگە و لەسەر ئاستی شوێنەکانی تری عێراقیش بریتییە لە 1033 هەزاردینار/مانگ.

خشتەی خوارەوە ڕێژەکانی خەرجییەکانی خێزان بە پێی نرخی پێدراو لەسەر ئاستی کۆمەڵە سەرەکییەکانی خەرجییەکاندا بە شێوەیەکی ووردتر روون دەکاتەوە.

دابەشبوونی خەرجییەکان لەسەر کۆمەڵە سەرەکییەکاندا بە نرخی پێدراو و بە پێی پارێزگاکان (هەزار دینار / مانگ)

| پارێزگا / شوێن | خواردەمەنی و خواردنەوەی ناکحول | خواردنەوەی کحول و تووتن | جلَ و بەرگ و پێڵاو | نیشتەجێ بوون، ئاو، غاز، کارەبا و سووتەمەنییەکانی تر | کەرەستە و کەلَ و پەلی ناو ماڵ و سەخبێری کردنی بەردەوامی کەرەستەی ناو ماڵ | تەندروستی | هاتووچۆ | پەیوەندییەکان | جەژن و ماتەمینی و رۆشنبیری | پەروەردە | چێشتخانە و هۆتێل | کەرەستە و خزمەتگوزاری جۆراوجۆری تر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 28.7 | .4 | 8.4 | 28.0 | 6.3 | 5.4 | 12.4 | 2.7 | 2.7 | .5 | 1.2 | 3.4 | 100 |
| سلێمانی | 31.9 | .3 | 7.9 | 21.5 | 8.0 | 4.3 | 15.7 | 3.1 | 2.2 | .6 | .9 | 3.6 | 100 |
| دهۆك | 26.8 | .6 | 10.9 | 27.7 | 8.8 | 4.0 | 8.6 | 3.8 | 2.7 | 1.4 | .5 | 4.0 | 100 |
| کۆی هەرێمی کوردستان | 29.8 | .4 | 8.6 | 25.0 | 7.5 | 4.6 | 13.2 | 3.1 | 2.5 | .7 | .9 | 3.6 | 100 |
| کۆی شوێنەکانی تری عێراق | 34.2 | .6 | 7.5 | 30.3 | 5.5 | 3.9 | 7.9 | 3.1 | 1.7 | .7 | 1.0 | 3.6 | 100 |